# ماوس لە نێوان -١-

**ماوسی کۆمپیوتەر بۆ ئەوانەی کار لەسەر کۆمپیوتەر دەکەن دەزانن چ رۆڵێکی گرنگ دەبینێت، ماوسێکی باش بە دیزایینێکی سەرنجڕاکێش دەتوانێت بەهۆیەوە زیاتر سوود لە کۆمپیوتەر وەربگری. لەسەرەتای دروست بوونی ماوسەوە هەتا ئێستا کە زیاتر لە 27 ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێ گۆڕانکارییەکی زۆر بە کارکرد و ستایلی ماوسدا هاتووە، هەرچەندە بە داهێنانی ماوس توانرا زیاتر سوود لە کۆمپیوتەر وەربگیرێت و وەك شاکلیلی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت، بەڵام چەند**



## ماوسی جۆری An Alien



ئەم ماوسە دیزاینەرێکی تەکنەلۆژیای سەردەم بەناوی mizanur rehman دیزاینەکەی داناوە، بەجۆرێك بەتەواوی لە پەنجەکاندا جێ دەگرن، ئەم ماوسە بۆ تەندروستی بەکارهێنەرەکەی زۆر گونجاوە، لە نەخۆشیی RSI کە بەهۆی جووڵەی جۆری پەنجەکانەوە تووشی مرۆڤ دەبێت بەرگری دەکات.

## ماوسی جۆری hybrid monster naga



ئەم ماوسە بۆ یاری کردن چێکراوە و لە گەمەی ئەلکترۆنیدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت، چونکە لەگەڵ ئەوەیدا بە ئاسانی لەپەنجەدا جێ دەگرێ 12 دوگمەی تایبەتیشی تێدایە کە دەکرێت لەگەڵ دوگمەکانی کیبۆرد رێکبخرێن و زۆر ئەرکی کیبۆردیش لە کۆڵ دەکاتەوە.

# قەڵەمێکی دیجیتالی سێ رەهەندی



حەز دەکەی ئەوەی بە قەڵەمەکەت دەینووسی یان دەکێشییەوە بتوانی دەستی لێبدرێت و هەڵبگیردرێت، بۆ روونکردنەوەی زیاتر ئەگەر گوڵێك یان باڵندەیەك دەکێشیەوە بکرێت گوڵەکە لەسەر کاغەزەکە هەڵبگری و دەستی لێبدەی یان باڵندەکە لە شێوەی باڵندەیەکی پلاستیکی دابێت. قەڵەمی Lix 3d printing pen تەواو ئەو ئامێرەیە کە خەونی پێوە دەبینی. بەهۆی ئەو قەڵەمەوە دەکرێت بەبێ کاغەزیش تەنیا لەهەوادا بنووسی و نووسراوەکەشت یان ئەو وێنەی کە دەکێشیەوە دەستی لێبدەی.

# دیزاین و توانادا

**ساڵێکە بە پەرەسەندنی لاپتۆپ و شاشەی لەمسی دەکرێت بەبێ ماوسیش ئەرکەکان بە ئاسانی ئەنجام بدرێن، بۆیە ئەگەر گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەر کارکردی ماوسدا نەیەت هەرچەندە زۆریش هاتووە ماوسیش دەبێتە ئامێرێکی دیجیتالی کە دەچێتە ناو ئەرشیفی دیجیتالییەوە.**

**لێرەدا هەوڵ دەدەین چەندین ماوسی سەرنج ڕاکێشتان پێ بناسێنین کە کارکردنیان و ستایلیان جیاوازە.**

## ماوسی جۆری orbita

ئـــەم ماوســـە هـــەروەك دەبینیـــن دیزانێکـــی تەواو ئۆرگۆنۆمیکی هەیە، ئۆرگۆنۆمیك بەو مانایە دێت کە لە بواری تەندروستیدا هیچ کێشەیەك بۆ بەکارهێنەرەکەی دروســـت نـــاکات وەك ژان کردنی مەچـــەك و ئازاردانی پەنجەکان. هەروەها ماوسێکی USB wirelessە و بۆ کاری گرافیکی و دیزاینی پێشکەوتوو سوودی لێوەردەگیرێت.

## ماوسی جۆری penguin vertical




ئەم ماوســـە دیزاینەکەی لەشـــێوەی باڵندەی پەنگوین واتە بەتریقە، هەروەك دەبینین دوگمەکانی ماوسەکە کەوتوونەتە ســـەرەوە و بەکارهێنەر ماوســـەکە بە دەستەوە دەگرێت، ئەمەش بەرگری دەکات لە زەخت هێنان بۆ پەنجەکان و بۆ کاری گرافیکـــی و ئەرکی زۆر سوودی لێدەبیندرێت.

## ماوسی جۆری Optical super slim



ئەم ماوســـە هـــەروەك لەناوەکەی را دیارە، ماوســـێکی ئۆپتیکالییە، دیزانێکی سەرنجڕاکێشـــی هەیە، چونکە زۆر تەنکە، بە جۆرێك کە دەبیندرێت، بارســـتاییەکەی تەنیا 10 ملمە. ئەگەر بەکارهێنەر لەم ماوســـە ســـوود وەردەگرێت، وەك ئەوەیە هیچ شـــتێکت لەبن دەســـتدا نەبێت و تەنیا پەنجەکانی بەسەر مێزدا بکێشێت.




## PS Vita تەنکتر و سووکتر لە پێشوو

ئامێری گەمەکردنی دیجیتالی ســـۆنی PS Vita ئۆگر و لایەنگرێکی زۆری هەیە، چونکە هەم بچووکە و هەڵگرتنی ئاسانە و هەم هەزاران یاری لەخۆیدا جێ دەکاتەوە، لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو نوێترین ڤێرژنی کۆنســـۆلی گەیمی PS Vitaی خستە بازاڕەوە، کە تەنکتر و سووکترە لەوەی پێشووی جگە لەوەش چەند گۆڕانکارییەکیشی تێدا پێکهاتووە. 20% تەنکتر و 15% ســـووکتر لە مۆدێلەکانـــی دیکەیە، جگە لەوەش هاردەکەی یەك گیگابایتە، درەنگتریش باتری دادەبەزێت.

# نوێترین کامێرای سمارتی بێ ئاوێنەی سامسۆنگ

نوێترین کامێرای سـمارت و بێ ئاوێنەی سامسـۆنگ بەناوی NX3000 smart camera لەم چەند رۆژەدا هاتە بەرهەم، کامێرای ناوبراو تایبەتمەندییەکانی ئەمانەن، هەسـتەوەری 20 میگاپیکسـلە، بەهۆی وای-فای و NFC بە زۆربەی ئامێرە هاوشێوەکانی خۆی پەیوەند دەدرێت و وێنەکان بەبێ وایەر بۆ ئامێرەکانی دیکە دەگوازرێنەوە.

لەم کامێرایەدا تایبەتمەندییەکی نوێ هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەکرێت وێنە لەخۆشـت بگری، ئـەم تایبەتمەندییە کە پێی دەگوترێ Wink shot بە جۆرێکە کە شوێنی تایمەری وێنەگرتنی پێشـووی گرتۆتەوە، بـۆ نموونە کاتێك نیازت هەیە وێنە لەخۆت بگری، لەپێش کامێراکە رادەوەسـتی و چاوێکی لێدادەگری، ئەویش وێنەی دەگرێ.

شاشەی کامێراکە 3 ئینجە و بە دەوری خۆیدا دەسوورێتەوە. خێراییەکی زۆری هەیە لە وێنەگرتندا. گەر مەبەستت بێ لە رێگای مۆبایلەوە کامێراکە کۆنترۆڵ بکەی بەهۆی پرۆگرامی View finder بە ئاسانی دەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەی.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی ئازیز دەپرسـێت لەو کاتەوە کـە ویندۆز8 بەکار دێنم، چەندین گرفتم بۆ هاتۆتە پێش کە لە ویندۆزەکانی دیکەدا نەبوون، یەکێك لەم گرفتانە ئەوەیە کە گرفت بـۆ office هاتۆتە پێش بەتایبەتـی بۆ پرۆگرامی word بـۆ نموونـە کاتێك کە فایلێکی word دەکەمەوە، بە داگرتنـی دوگمەی ctrl+A کـە دەبێـت گشـت فایلەکە (select) بکـرێ، کەچی ئەم فەرمانـە ئەنجام نـادات، رێگا چارە چییە؟

خوێنـەری بەڕێـز بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم گرفتـە دەبێت لەسەرەتادا بچی بۆ بەشی control panel و لـەودا لەبەشی language و لەودا فەرمانی advanced se-ting لێبدە و دواتر پەنجەرەیەك دەکرێتەوە. لەو بەشـەدا هێمای راست لەسەر چوارگۆشەی let me set a different.... لێبـدە و دوای ئەمە هیچ کات تووشی ئەم گرفتە نابیت.







# وردە سەرنجێک لەسەر مۆبایلی Vega Iron2

کۆریای باشـــوور ئێستاکە لەریزی وڵاتە پێشکەوتوو و پیشەسازییەکانی جیهان دێتە ژمار، بەتایبەتی لە بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای ســـەردەمدا، کۆمپانیاکانی هیۆندا، کیا، سامســـۆنگ، ئێل جی بۆ ئێمەمانان نامۆ نین و ناوێکی ئاشنان، بەڵام کەمتر گوێتان لە کۆمپانیای pantech بووە کە ئەویش دوای سامسۆنگ و ئێلجـــی دێت، ئەم کۆمپانیایە چالاکییەکانی لـــە بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتالیدا چڕ کردۆتەوە، لـــەم دواییەدا نوێترین مۆبایلی ســـمارتی خۆی بەناوی Vega Iron2 هێنا بەرهەم. ئەم مۆبایلە هۆشـــمەندە خێراییەکەی 2.3 گیگایە. کێشـــەکەی 152 ملمە. نزیکەی 8 ملمیش بارستاییەکەیەتی. شاشەی مۆبایلی ناوبراو 5 ئینجە و سیســـتەمی ئەندرۆیدی 4 کیتی لەســـەرە. کامێراکەی 13 میگاپیکســـلە. رامەکەی 3 گیگابایتە و هاردەکەی 32 گیگابایتە.

## حەز دەکەی دیزاینی سایتەکانی ئینتەرنێت بگۆڕی؟

حەز دەکـــەی ســـایتێك لە ئینتەرنێتـــدا جا هەر ســـایتێك بێت بە ویســـتی خۆت ستایل و دیزاینەکـــەی بگـــۆڕی، بۆ نموونە بە ویستی خۆت سایتی گوگل یان فەیسبووك بگۆڕی، شـــوێنی لۆگـــۆ و بابەتەکان بۆخـــۆت دەستنیشـــان بکەی، یان نووســـراوەکانی ناو سایتەکە دەستکاری بکەی؟ ئایا شتێکی وا دەکرێـــت، بەڵـــێ بەهـــۆی سایتی www.tomodo.COM بە ئاسانی ئەمە دەکرێت، ســـەرەتا ئەدەرسی ئەو سایتەی کـــە حەزدەکەی بیگـــۆڕی لە سایتی ناوبراودا دەنووسی، دواتر سایتەکە دەکەوێتە بەردەستت و دەتوانی گۆڕانکاری تێدا پێك بێنی، بەڵام لێـــت تێکنەچێت، تۆ ناتوانی سایتەکە ئەسڵییەکە بگۆڕی، ئـــەوەی دەگۆڕدرێت کۆپییەکە لە سایتە ئەسڵییەکە.

## پرۆگرامێکی سەرکەوتوو بۆ گۆڕینی فۆرماتی دیڤی دی




هەرچەنـــدە پێدەچێت چەند ســـاڵێکی دیکـــە DVDیش وەك زۆر ئامێری دیکەی دیجیتالی کە پێشتر هەبوون و ئێستا نەماون بخرێتە ئەرشـــیفی مێژووی تەکنەلۆژیاوە، بەڵام هەتا ئێستاش کاریگەریی خۆی هەیە و بـــۆ داکردنی داتاکان و بۆ لێدانی فیلم و هەڵگرتن و ئەرشیف کردن ســـوودی لێوەردەگیردرێت. فۆرماتەکانی دیڤی دیش گەلێکن، نموونەیەکی سادە، زۆر جاران فیلمێك دەخەینە سەر ئامێری DVD playerی ماڵەوە کەچی فیلمەکە ناخوێنێتەوە، کەچی لەســـەر DVDیەکی دیکە دەیخوێنێتەوە، بۆ گۆڕینی فۆرماتەکانی DVDی بۆ یەکتر پێویســـت بە پرۆگرامێك دەکات کە بە ئاسانی فۆرماتەکە بگۆڕێت، پرۆگرامی VSO DVD converter ultimate ئەو پرۆگرامەیە کە بەکارهێنەر بە ئاســـانی دەتوانێ فیلمەکانی ســـەر DVDیەك بۆ فۆرماتێکی دیکە بگۆڕێت.

گۆڕینی کوالیتی فیلم، گۆڕینی ســـایزی وێنە، بردنە ســـەری کوالیتـــی دەنگ، کۆپی کردن لە DVDیـــەك بۆ DVDیەکی دیکە، خێرایـــی لە کۆپـــی کردنـــدا، چێکردنی مینۆ بـــۆ DVD و دانانی ژێرنـــووس بۆ فیلم و چەندین توانای دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم پرۆگرامەن.